# گاندی
# پەیامبەری ئاشتی

بەشی یەکەم

دانانی سیناریۆ: ب. مارشۆن
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: وەلید سەلیبی
وەرگێڕانی بۆ کوردی: شێروان خدر
پێداچوونەوە: کەریم کاکە


ناونیشانی کتێب: گاندی پەیامبەری ئاشتی
سیناریۆ: ب. مارشۆن
وێنەکان: لیۆ
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: وەلید سەلیبی
بۆ کوردی: شێروان خدر
پێداچوونەوە: کەریم کاکە

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە لەلایەن سەنتەری مەسەللە

پێشەکی:

ئەم کتێبە کە لە شێوەدا سیناریۆی گێڕانەوەی ژیانی (مەهاتما گاندی) کە رابەری بزووتنەوەی ناتوندوتیژی بوو لە هیندستان، بەبۆنەی یادی ئەم پیاوە مەزنەوە سەنتەری مەسەللە هەڵسا بە وەرگرتنی ئیمتیازی ئەم کتێبە لە (حرکە حقوق الناس)ی لوبنانی بۆ ئەوەی لەم پێناوەدا فەرهەنگی ناتوندوتیژی ببێ بە بەشێک لە کەلتووری مرۆڤی کوردیو ببێ بە بڕوایەک مرۆڤی کوردی لە جیاتی پەنابردنە بەر یەکلاکردنەوەی هێز لە ڕێگایەکی نەرم و نیانی مرۆڤدۆستانەو برایانەو دان بەیەکتر دابنرێ سەرباری بوونی جیاوازییەکان.
بەباشمان زانی وەک ڕێکخراوی مەسەللە بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان ئەم سیناریۆیە پێشکەش بە مرۆڤی کورد بکەین، ڕێزلێنانێکیشە لە مەزنی بیروڕاکانی گاندی، هیوادارین لەم ڕێگایەوە کورتەی ژیان و بیروڕاکانیمان بە خوێنەرانی کوردی ئاشنا بکەین.


سەنتەری مەسەللە
بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان – هەولێر




(1) دیوان نازناوی سەرۆک وەزیرانی هەر هەرێمێکە لە هیندستان. (2) خەڵکی هیندستان لەو سەردەمە بۆ کوڕەکانیان لە کاتی لە دایک بوونیان ژنی داهاتوویان بۆ دەست نیشان دەکرد. (3) لە ساڵی 1819 هیندستان بووە موڵکی ئینگلیز.

باوکی موهەنداس لە ساڵی 1885 کۆچی دوایی کرد. دوای سێ ساڵ کاستۆربای کوڕێکی بوو ناوی نا (هاریبال).




(1) کورتکراوەی خواردنی هیندۆسەکانە کە لە رووی ئایینییەوە پابەندن بە خواردنی سەوزە.


دوای سێ هەفتە...
ئێستا پێویستە ببم بە پیاو ماقوولێکی راستەقینە.
ئەم خانووە گونجاوە، بەکرێی دەگرم!
بەڕێزم بەم چاکەتەوە لەوپەڕی جوانیدایت.
یەک .... دوو! یەک ... دوو! ریتمەکەت بیرنەچێت!
لەو دەستەی کە کەمانجەکەت پێگرتووە، کەمێک نەرم و نیان بە!
دوای چەند هەفتەیەک لەسەر ئەم حاڵە....
ئۆی، تەنها پارەیەکی کەمم ماوە!
نابێ بەم جۆرە پارەو پوڵی خێزانەکەم بە فیڕۆ بدەم!
دەبێ واز لەو شتە پڕو پووچانە بێنم. من بۆ ئەوە لێرەم بخوێنم.
دوای چەند مانگێک ....
لە کۆتاییدا توانیم دەستبەرداری هەموو ئەم شتانە بم. زۆر دڵشادم.
٣



لەماڵی یەکێ لە هاوڕێکانی..
مامۆستا گاندی، بە حوکمی ئەوەی تۆ هیندۆسیت، پێویستە بە باشی بەهاگافاد-جیتا بزانی!
ئۆە .. نا قەت نەمخوێندۆتەوە! بەو رادەیە باوەڕدار نیم.
بەڵام بەهاگافاد-جیتا یەکێکە لە مەزنترین کتێبە پیرۆزەکانی جیهان، وەك تەورات و ئینجیل و قورئان! پێویستە بیخوێنیتەوە!
دەتدەمێ بیخوێنیتەوە!
"ئەو مرۆڤەی خۆی لە هەموو ئارەزووەکان دەربازبکات دەگا بە ئاشتی"
راستە. دەتوانین بەختەوەر بین ئەگەر ژیانی سادەیمان هەڵبژارد...
بەڕاستی زۆر جوانە. سەرلەنوێ ئایینی خەڵکانی خۆم دۆزییەوە...
هەروەها دەبێ تەورات و ئینجلیش بخوێنیتەوە! لە ئینجیلدا قسەی جوانی مەسیح لەبارەی ژیان و خواوە هەیە!
"ئەگەر خراپەیان بەرامبەرت کرد، بەرەنگاری مەبەوە. ئەگەر یەکێ لە بنا گوێی راستی دایت. لای چەپیشی بۆ وەرگێڕە".
راستە، ئەوەی دروستە بەکارنەهێنانی توندوتیژییە.
لە ساڵی 1891، دوای سێ ساڵ لە خوێندن...
ئێستا بووم بە پارێزەر. خۆشحاڵم ئێستا دەگەڕێمەوە ناو خێزان و وڵاتەکەم.
٤




(1) لەو سەردەمەدا باشووری ئەفریکا بەهەمان شێوەی هیند، موڵکی بەریتانیا بوو: هەردووکیان داگیرکرا بوون لەلایەن ئینگلیزەوە.




(1) کولی (coolie) لە ئینگلیزیدا بەواتای کرێکار دێ، دواتر جنێودان بەکارهات.




(1) قەشە پیاوێکی ئایینی پرۆستانتییە.


هەفتە دوای هەفتە...
دەبێ پاك بین و بە چاکی کار بکەین ، هەروەها جلەکانمان ڕێکوپێك بکەین... بەمجۆرە ئینگلیزەکان فێر دەبن ڕیزمان بگرن!
جێگای بایەخە فێری زمانی ئینگلیزی بین، بۆئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی باشتر تێمان بگەن. من ئامادەم هەرکەسێك ئارەزووی ئەوەی هەبێت فێری بکەم.
دوای چەند مانگێک
لەماوەی ئەم ساڵەدا کارێکی زۆر چاکت بەجێ گەیاند. لە کارەکاندا یارمەتیت دام! بەڵام لەوە گرنگتر فێرت کردین شانازی بە هیندی بوونی خۆمانەوە بکەین...
بۆیە ئێمە سوپاسگوزاریت دەکەین بەر لە گەڕانەوەت بۆ هیندستان.
دەستخۆش.
دەستخۆش.
چی؟
گوێ لەم هەواڵە بگرن: ((پرۆژە یاسایەك لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، ئامانجی سەندنەوەی مافی دەنگدانی هیندییەکانە لە باشووری ئەفریکا)).
ئەمە مانای چی دەگەیەنێ؟
ئەمە مانای چی دەگەیەنێ؟ ئێمە لە یاساکانیان تێناگەین.
کارێکی زۆر ترسناکە، ئەگەر بەمشێوەیە یارەکە وا بڕوات لە هەموو مافەکانتان رووت دەبنەوەو دەبن بە کۆیلەیەکی تەواو.
مامۆستا گاندی، تۆ تەنها کەسی دەتوانی بەرگریمان لێ بکەیت. مانگێکی دیکەش لەگەڵمان بمێنەوە.
باشە... دەمێنمەوە!

ماویەتی ....